کۆدە تەلەفۆنییەکانی شارەکان

*هەولێری پایتەخت (٠٦٦)
*سلێمانی (٠٥٣)
*کەرکوك (٠٥٠)
*دهۆك (٠٦٠)
* هەڵەبجەی شەهید (٨٨٥)
* دەربەندیخان (٨٩٢)
* کەلار(٨٩٤)
* کفری (٨٩٦)
* خانەقین (٨٤١)
*چەمچەماڵ(٨٩٧)

نەخۆشخانەی فریاکەوتن

*هەولێری فریاکەوتن(١٢٢)
*سلێمانی
فریاکەوتن(٣٢٧٠٥١١)
*کەرکوك
نەخۆشخانە(٢١٢٢٢٣)
*دهۆك تەنگاڤیا(٧٦١٢٥٦١)
*هەڵەبجەی
شەهید(٨٨٥١٢٠٦)
* کەلار (٠٥٣٨٩٤٢٩١٨)

پۆلیسی فریاکەوتن

*هەولێر (١٠٤- ١٢٧- ١٣٤- ١٤٤)
*سلێمانی (٣١٢٣٥٤٤)
*کەرکوك (٢١٧١٩٥)
*دهۆك (٧٢٢١٧٠٧)
*هەڵەبجەی شەهید(٨٨٥١١٩٥)
*گەرمیان (٠٧٧٠١٥٦٨٣٢٤)

کاتی بانگەکانی هەفتەیەك لە هەولێری پایتەخت

	بەیانی		رۆژهەڵاتن	نیوەڕۆ	عەسر	مەغریب	عیشا
رۆژو بەروار	کاتەکان		کاتەکان	کاتەکان	کاتەکان	کاتەکان	کاتەکان
پێنج شەممە ٣/١١	٤:٥٧		٦:٢٦	١٢:٢٣	٣:٣٦	٦:١١	٧:٢٦
هەینی ٣/١٢	٤:٥٦		٦:٢٤	١٢:٢٣	٣:٣٧	٦:١٢	٧:٢٧
شەممە ٣/١٣	٤:٥٥		٦:٢٢	١٢:٢٣	٣:٣٧	٦:١٣	٧:٢٨
یەکشەممە ٣/١٤	٤:٥٤		٦:٢١	١٢:٢٣	٣:٣٨	٦:١٤	٧:٢٩
دووشەممە ٣/١٥	٤:٥٢		٦:٢٠	١٢:٢٣	٣:٣٩	٦:١٥	٧:٣٠
سێ شەممە ٣/١٦	٤:٥٠		٦:١٩	١٢:٢٠	٣:٣٩	٦:١٦	٧:٣١
چوار شەممە ٣/١٧	٤:٤٩		٦:١٨	١٢:٢٠	٣:٣٩	٦:١٦	٧:٣١

تەلەفۆنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی یەکگرتوو

کەناڵی ئاسمانی سپێدە
٠٦٦٢٥٧٤٤١١
٠٦٦٢٥٧٤٤٢٢

کەناڵی هەولێر
٠٦٦٢٥٣٩٠٩٠
٠٧٥٠٤٦١٩٠٩٠

کەناڵی سلێمانی
٠٥٣٣٢٣٥٨٣١
٠٥٣٣٢٣٥٣٠٣

کەناڵی کەرکوك
٠٥٠٢١٦١٦٥
٠٥٢٢١٢٩٦٦

کەناڵی دهۆك
٠٦٠ ٧٦٢٣١١٤
٠٦٠٧٦٢٣١١٥

کەناڵی هەڵەبجە
٨٨٥١٩١٤
٠٧٥٠١٥٦٠٠٠٦

کەناڵی گەرمیان
٠٧٤٨٠٢٢٠٢١٦
٠٧٤٨٠٢٢٥٨٨٤

کەناڵی کفری
٠٥٣٨٩٦٠٢٥٥

کەناڵی ڕانیە
٠٧٤٨٠٢٥٥١٧٠

کەناڵی چەمچەماڵ
٠٥٣٨٩٧٣٠٠٥

کەناڵی پێنجوێن
٠٥٣٨٧٢٠٥٩٩

دەی خێراکەن فرسەتە
با کێشەی بودجە (حەل!)کەین

ونبوو

ناسنامەیەکی کۆلیژی تەکنیکی کشتوکاڵی هەڵەبجە و پێناسێکی مەڵبەندی (٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەناوی (کاروان حەمەعەلی محەمەد) ون بووە، هەر کەسێك دۆزییەوە، تکایە پەیوەندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٥٠١٥٧٤٢١٤)، یان بیگەڕێنێتەوە ڕۆژنامەی یەکگرتوو.

لە گەڵ ڕێزدا ..

قسەیەکی تر

مانگی ئازاری یەکگرتوو

ئاکام گەلاڵی

بۆ گەلەکەمان مانگی ئازار مانگێکی پڕ ڕووداوی خۆش و ناخۆشە، بەڵام بەگشتی لایەنە خۆش و مژدەبەخشەکانی زیاترە و وا ئەمساڵیش خەڵکی هەڵەبجە یادی (٣/١٦) بە جۆرێکی تر دەکەونەوە، کە ئومێدبەخشی تێدایە و ئەو دۆسیەیە بە جینۆساید ناسێنراوە و (عەلی کیمیاوی)ش لەسێدارە دراوە، کەواتە بەپشتیوانی خوا ڕووداوە ئازاربەخشەکانی ئازار بەرەو ڕەوینەوە دەچن و دەبێت لەمەوپاش وەك مێژوو بۆیان بنواڕین، لێرەوە دێمە سەر ئەو باسەی کە تایبەتە بەم مانگی ئازارەوە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی تێدا ئەنجام درا، دەرئەنجامەکان هەرچۆن بێت و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کە هێزێکی دیار و کاریگەری گۆڕەپانی سیاسی کوردستانە چەند کورسی بێنێت بۆ ئەو ئەنجومەنی نوێنەران هەر سەرکەوتووی یەکەمی کوردستانە، چونکە:

١- زۆر بوون ئەوانەی وایاندەزانی یەکگرتوو هێزێکی لاوازی ئۆپۆزسیۆنە و توانای جوڵە و نەخشاندنی سیاسی نییە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە هەر لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە تا گەرموگوڕیەکانی ڕێکخستن و تا میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی کاندیدەکان و... هتد، ئاماژەیەکی گەورە و زەقی هێز و توانای سیاسیی یەکگرتووە، کەواتە وەك کورد دەڵێت" مانگ سەر لەئێوارە دیارە" و سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی یەکگرتووش لە مانگی ئازارەوە دیارە.

٢- هەڵبژاردنی (٧/٢٥) لای زۆر لە ئەندام و ڕێکخستنەکان جۆرێك نیگەرانی دروست کردبوو، کە هەندێك کەس هیوای نەبوو جارێکی تر یەکگرتوو وەك ژمارەیەکی بەسەنگ بێتەوە نێو گۆڕەپانەکە، ئەمەش لە (٣/٧)دا پێچەوانەوە بووەوە، وا ئێستاش هێز و توانای یەکگرتوو لای هەموو کەس وەك ڕۆژی ڕووناك وایە و نکوڵی لێ ناکرێت.

٣- جیاوازی نێوان دەنگەکانی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥) بۆ (٢٠١٠) ژمارەیەکی زۆر گەورەی نەشونمای یەکگرتووە بە جۆرێك کە زیاد لە (١٢٠) هەزار دەنگی یەکگرتوو زیادی کردووە و لەم هەڵبژاردنەدا زیاد لە (٢٧٥) هەزار دەنگی هێناوە، لە پشتی ئەم ژمارانەوە ئاماژەی گەورەی سەرکەوتن بەدی دەکرێت.

٤- ئەم دەنگانەی یەکگرتوو ئاماژەیە بۆ کارایی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراقدا و ئەوە دەردەخات کە پەرلەمانتارانی پێشوو کاریان کرد و، ئەمڕۆش بەرهەمەکەیان بە دەنگەکانیەوە دیارە.

لە کۆتاییدا پێم وایە ئەگەر بۆ هەر هێزێك ڕۆژ و ساڵێکی هەستانەوە و ژیانەوە و بەرەوپێشچوون هەبێت، ئەوە بۆ یەکگرتوو (٢٠١٠/٣/٧) ڕۆژێکی مێژوویی پرشنگدارە و کاریگەرە لەسەر ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستاندا.